# زمانی کوردی و پیلانی سوپەردێمۆکراتەکان

موحسین جوامێر

هێندێک کوردی سوپەردێمۆکرات، لە نووسینەکانم نیگەرانن، حەجمانیان نەماوە، وا پێدەچێت بە دڵەڕاوکێوە، بابەتەکانم دەخوێننەوە، چ بەدانیشتن یا بەپێوە.. ئەوجا دێن بە حەماسەتەوە دوو دێڕی هەڕەشەئامێز دەنووسن، وا دەزانن ئەوەی ئەوان خەونی پیوە دەبینن لە قاشکردنی زمانەکەمان؛ هاتە دی. بە هەر حاڵ، هەرگیز حەز ناکەم کەسێک بە نووسینەکانمەوە بشڵەژێ، یان خەمۆکی هەراسانی بکا یاخود پەنا بباتە بەر شەڕی ئەعساب، بەتایبەتی هاونیشتمان و هاونەتەوەی خۆم، چ لە چیا یان لە کەژێ.. ئامادەشم ئەگەر هەڵە بم یان شاشییەکم دەرهەق هەر یەکێک کردبێ؛ سەری بۆ دانەوێنم، چونکە لە خوێنی خۆمە، بگرە هەتا ئەگەر غەوارەش بێت. دەنا ئەگەر بزانم قەڵەمێکی کوردی لە خیانەتکاری لەگەڵ زمانی کوردی و میللەتی کوردا، ناوەستێت و ئاوێ لە ئاوەڕۆ دەردەکا، پێنووسەکەم چیی بە عەرەب و غەیرەعەرەبە شۆڤێنیستەکان؛ دەکا و دەکرد، ئەوا دووهەندە لەگەڵ جاشقەڵەمە کوردەکە دێتە گۆ و هەر وشەیەکم دەبێت بە چەگڵ و بەرد.!

من ئەگەر زانست، خوێندن و کتێب؛ ئەشتیکیان فێر نەکردبم، ئەوا ئەزموونی چل سال ڕامان؛ دنیایەک زانیاریی پێ بەخشیوم و بەقەولی مامۆستاکەی هەموو جار دەیگوت هیشتا قوتابی دەمی نەکردووەتەوە؛ دەزانم دەرسی حازر کردووە یا نەء، یەکسەر بۆم ئاشکرا دەبێت.. ئەوجا دەبینیت، کاورا دێ دەست دەداتە قەڵەم، شەلم کوێرم، ناپارێزم، فەتوام بۆ دەردەکا و دەڵێت ئەوی بڕوا بەوە نەکات کوردستان ببێتە شێخەڵڵای لەهجان؛ خائینە، ئەوراقی کەشف دەکەم و چەرخی لە چەمبەر دەکێشم، چ لە مەهاباد یان لە مەدینە.!

بەندە وتوومە هەتا یەک نەفەس لە سنگ و پەراسووەکانمدا مابێت، **لە دژی بانگەواز بۆ لەهجان ـ هەتا هی ناو ماڵی خۆشم ـ دەوەستم، ئەگەر لەسەر حسیبی یەکپارچەییی میللەتەکەم بێت**، دوای ئەوەی وا بۆ سەد ساڵ دەچێت، ئێمە زمانی یەکگرتوومان هەیە .. هاوکات دەبێژم، لەجیاتی ئەوەی بە پێچەوانەی بزاڤی مێژوو؛ هەڵسوکەوت بکرێ کە حەتمەن بە زیانمان تەواو دەبێت، با ئەم بێین ئەو زمانەی دەمانەوێ سەری لەقورێ بنێین و وەک مریشک ئاوەڕووتی بکەین، بە شێوەزارە جوان و لەبەردڵەکانی کرمانجی و گۆرانی و ئەردەڵانی و ئەوانی دیکە، دەوڵەمەندی بکەین.

ئەز دەبێژم، ئەکسەرییەت و زۆربە لە دیاریکردنی زمانی ستانداردا، ڕۆڵی نییە، بەڵکوو مێژوو و زۆر ڕەگەزی شاراوە؛ کاریگەرییان هەیە. سەرچاوەی زمانی سوێدی دەگەڕێتەوە گوندی ( شۆپینگ ) کە ژمارەیان لە 25 هەزار کەس تێپەڕ ناکات.. زمانی پەتیی ئەلبانی ( تۆسکی ) لەهجەی کەمینە بوو و لەحەفتاکانەوە بە پێشنیازی سەرۆک ئەنوەر خۆجە؛ ئەکادیمیای زمان فەرزی کرد. کەچی ئێمە، هێشتا نازانین بای ململانێی هێزەکان لە ناوچەکەدا بەرەو کوێمان دەبات، هەموو لە زمانمان ڕاست بووینەتەوە، بە بانگەشەی نازانستی ئەو هەڵەیە دەفەلسەفێنین، هی واش پەیدا بووە دەیشەرعێنێ و ئایەت و حەدیسی بۆ دەهێننێ، خەریکە بە بێدینیشمان لە قەڵەم بدا و فەتوای لادانمان بۆ دربهێنێ.

بلا ئەوەی لە باشوور هەمانە، مەزنتری بکەین و پشتی ئەوە ـ هێواش هێواش ـ پێشکەشی باکووری کوردستانیشی بکەین. هەڵەیە، من بێم بەهیوای ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی کوردستانی گەورە، دابمەزرێ، واز لەو هێلانە زمانەوانییەی باشوور بهێنم، ئەو باشوورەی وەرامی دوو تۆپی ئێرانێی پێ نادرێتەوە، لە تورکیا گەڕێ کە ئەگەر کۆکەیەک بکا؛ بۆی هەیە پەرلەمانی کوردستان بچێتە نێو پەرلەمانی بەغدا.! با واقیعی بین و قسەی لە خۆمان گەورەتر نەکەین. ناشبێت

( مەعلووم ـ دیار ) بە قوربانی ( مەجهوول ـ نادیار ) ێکی هەرەهەرە تەماوی بکەین. مەگەر بە بۆمبی ئەتۆم تورکیا پارچەپارچە بکریێت، پاشان ناچار بکرێ بەشەکوردییەکەی بە مەمنوونییەتەوە لەسەر سێنییەکی ئاڵتوونی؛ تەسلیمی حەزرەتی ئێمەی بکا، کە هەر لە ئێستەوە خەریکین زمانەکەمان دەکەین بە سیسەپەڕۆ و ئەوەی تورک دەیەوێت، بە زێدەوەش دەقەبەڵی دەکەین.

بەرودوا، یەکێتیی کوردستان لە یەکێتیی زمانی دایە، کە زمانی یەک نەبوو، ئەگەر ببێتە دەوڵەتیش ـ کە بەم حاڵە ئەسڵەن نابێت ـ ئەوا دەبێتە دووەیلات و قەومییات. دوایە، کە ئێمە زمانێکی حازروبزرمان هەبێت؛ چ حەوجە دەکا ـ بە بیانووی بێبن ـ بچین زمانانی دیکە دروست بکەین.. من، کە کوردم، ئەوا زمانی خوێندنم هەیە. تۆیەک، کە عەرەبی، تورکی و فارسیی لە سەرت دەسەپێنرێت، فێری بیت، بۆ زەحمەت و کفرە زمانی یەکگرتووی خۆت فێر بیت، با سۆرانیش بێت.؟ دەیانەوێت وەکوو بەهەشتەکەی برا کۆمەنیستەکانمان، بە دواڕۆژەوە ئیقناعمان بکەن، ئەو وەختەی دەوڵەتی کوردستانی گەورە دادەمەزرێت، ئەوسا وەکوو فریشتان ـ بێ قرەوبرە و سەروگوێلاک شکان ـ ڕیفراندۆم دەکەین، تا بزانین کام لەهجە ببێتە ستاندارد، دوای ئەوەی کوردستان بووە کۆڵانی لەهجان.!

بەندە لاریم لە دانپێدانان و گوێگرتن لە قسەی بەبەڵگە نییە. هەر کێیەک بەڵگەیەکی زانستیم پێ بدات کە خوێندن بە لەهجە و زاران، زەرەری بۆ پەز و میللەتم نییە و لە دواڕۆژدا وەکوو عەرەب، تورک وفارس ـ مان لێ نایەت لە بەرانبەر یەکدیدا، ئەوا ئەو بابایە هەر چییەکی بڵی دەیخەمە نێو گلێنەمەوە، بەڵکوو خەلاتی دەکەم.. وەلێ مەسەلەکە، ورد و درشتی ( معلوم من الدين بالضروره ) یە، واتە ڕۆشنە، بەڵگەنەویستە و سوێندی ناوێت.. وەک چۆن ئاگر دەسووتێنێت، ئاواش خوێندن بە چەند دیالێکت لە بناغەوە هەڵماندەتەکێنێ و دەمانکا بە قوربانی جەهل و نەفامیی ئەوەی دەیەوێ بە سوپەردیمۆکراتییەت بمانفریوێنێت.!

26/09/2007

mohsinjwamir@hotmail.com